لەگەڵ پێغەمبەر بووین -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەرێکدا لە شەوێکی تاریکدا، نەماندەزانی ئاراستەی قیبلە لە کوێیە، بۆیە هەر پیاوێک لە ئێمە بە ئاراستەیەک نوێژی دەکرد، کاتێک بەیانیمان بەسەردا هات، ئەمەمان باسکرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەم ئایەتە دابەزی: {فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ}

لە عامری کوڕی ڕەبیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر بووین -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەرێکدا لە شەوێکی تاریکدا، نەماندەزانی ئاراستەی قیبلە لە کوێیە، بۆیە هەر پیاوێک لە ئێمە بە ئاراستەیەک نوێژی دەکرد، کاتێک بەیانیمان بەسەردا هات، ئەمەمان باسکرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەم ئایەتە دابەزی: {فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ} [البقرة: 115] واتە: {ئینجا ڕوو بکەنە هەر لایەك ڕووتان لە خودا کردووە لەو جێگایە ئاگای لێتانە}

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ هاوەڵانی بوو لە سەفەرێکدا لە شەوێکی تاریکدا، وهاوەڵان دڵنیا نەبوون لە ئاراستەی قیبلە، بۆیە بە پێی کۆشش وئیجتیهادی خۆیان نوێژیان کرد، وکاتێک بەیانیان بەسەردا هات بۆیان دەرکەوت بۆ ئاراستەیەکی تر جگە لە ئاراستەی قیبلە نوێژیان کردووە، ئەمەیان باسکرد بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، خوای گەورە ئەم ئایەتە دابەزاند: {وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ وَاسِعٌ عَلِيمٌ} [البقرة: 115] واتە: {ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و(هەموو لایەك) هەر خوا خاوەنیەتی ئینجا ڕوو بکەنە هەر لایەك ڕووتان لە خودا کردووە لەو جێگایە ئاگای لێتانە بەڕاستی خوا فراوانگیر وزانایە}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10641